SORANI
86_Toimi_näin_11_5_1
12.5.2020

# ئایا گومانت لە خۆت هەیە کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبێتی؟

**لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە وەڵامی پرسیارەکان دەربارەی نیشانەکانت بدەوە، یان تەلەفۆن بۆ ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکە**

**فۆرمی پرسیارەکان دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم ناونیشانەدا هەیە omaolo.fi**
**لە خزمەتگوزارییەکانی Omaolo وە، لەسەر بنەمای نیشانەکانت ڕێنمایی دەکرێیت و بەپێی پێویست دەتوانیت کات بۆ تاقیکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بگریت.**

**ئەگەر ناتوانیت هەڵسەنگاندن بۆ نیشانەکان بکەیت، پەیوەندی بە ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بکە**

ئەگەر تۆ نیشانەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنات هەیە، تەلەفۆن بۆ ژمارەی ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هێلسینکی بکە. ژمارەی تەلەفۆن: ٠٩٣١٠١٠٠٢٤ (ڕۆژانی کار، کاتژمێر ٧ هەتا ١٦). لە کاتەکانی تردا تەلەفۆن بۆ ژمارەی یارمەتیدانی ئێشکگری بکە. ژمارەی تەلەفۆن: ١١٦١١٧.

ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا یان یارمەتیی ئێشکگری، بەپێی پێویست ڕێنماییت دەکەن بۆ تاقیکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بنکەی تەندروستیی کۆرۆنا.

هەموو ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنایان هەیە، ڕێنمایی دەکرێن بۆ تاقیکرنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەم نیشانانە بریتین لە: هەوکردنەوەی بۆڕیی هەناسەدان، سکچوون یان ژانەسک. نیشانەکانی هەوکردنەوەی بۆڕیی هەناسەدان بریتین لە: تا، کۆکە، ئازاری قورگ، هەڵامەت، هەناسەتەنگی و لەدەستدانی هەستەکانی بۆنکردن و تامکردن.

تاقیکردنەوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بنکەکانی وەرگرتنی نموونە لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا ئەنجام دەدرێن. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە، ئەوە دەردەخات کە ئایا تۆ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوویت. لە بنکەکانی وەرگرتنی نموونەدا، تاقیکردنەوەی دژەتەنەکان ناکرێت کە ئەوە دەردەخات ئایا تۆ نەخۆش کەوتوویت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

## نەخۆشەکانی کۆرۆنا لە لاکسۆ وماڵمی چارەسەر دەکرێن - هەموو کاتێك لەپێشدا تەلەفۆن بکە

هەموو ئەو نەخۆشانەی خەڵکی هێلسینکین و نیشانەکانی بۆڕی هەناسەدانیان لێ دەردەکەوێت و پێویستییان بە هەڵسەنگاندنی پزیشك هەیە، ڕێنمایی دەکرێن بۆ بنکەکانی تەندروستیی کۆرۆنا. لە بنکە تەندروستییەکانی تردا، ئەو نەخۆشانە چارەسەر ناکرێن کە نیشانەکانی بۆڕیی هەناسەدانیان هەیە.

هەموو کاتێك، لە پێشدا تەلەفۆن بۆ ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا یان یارمەتیی ئێشکگری بکە. لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ڕێنمایی دەکرێیت، کە چی بکەیت.

نۆرەی خزمەتگوزارییەکان لە بنکە تەندروستییەکانی کۆرۆنا، بەپێی ڕیزبەندیی پەلەیی دەبێت. لەو بنکانەدا کاتگرتن نییە.

زۆرینەی ئەو کەسانەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا نەخۆش دەکەون، بەبێ ئەوەی پێویستییان بە چارەسەری پزیشك هەبێت، بە هەفتەیەك پشوودان لە ماڵەوە، چاك دەبنەوە. بەپێی پێویست، دەتوانیت نیشانەکان بە دەرمانی ژان و ئازار کەم بکەیتەوە.

**Laakson koronaterveysasema**
**بنکەی تەندروستیی کۆرۆنای لاکسۆ**
Lääkärinkatu 8R
ڕۆژانی کار، کاتژمێر ٨ هەتا ١٦

**Malmin koronaterveysasema**
**بنکەی تەندروستیی کۆرۆنای ماڵمی**
Talvelantie 4
ڕۆژانی کار، کاتژمێر ٨ هەتا ١٨

**لە کاتی مەترسیی لەناکاودا**
تەلەفۆن بۆ ژمارە ١١٢بکە.